Consolato d’Italia
Erbil

بەڵگەنامەکانی پێویست بۆ داواکاری ڤیزا بە هۆکاری خێزانی

بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزان کە لە ئیتاڵیا نیشتەجێن، کە هاوڵاتیانی یەکێک لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا نین

1 - پڕکردنەوەی فۆڕمی داواکاری ڤیزەی D لە ڕێگای ئەم لینکەوە (https://conserbil.esteri.it/wp-content/uploads/2023/07/Form-richiesta_visto_nazionale.docx) دواتر چاپ و واژۆ بکرێت، لە ڕۆژی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڵگەنامەکانی تر پێشکەش بکرێت.
2 - وێنەیەکی نوێ کە بەم دواییانە گیرابێت، 40 x 35ملم، پشتەوەی ڕووناکی یەکسان و دەموچاو بە تەواوی دەرکەوێت، بەبێ چاویلکە بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم لینکە بکە (Brochure (Terry_variant) (icao.int)).
3 - پاسپۆرت بە لانی کەم 3 مانگ دوای بەسەرچوونی ڤیزەی داواکراو و دوو لاپەڕەی بەتاڵی هەبێت. فۆتۆکۆپی خودی پاسپۆرتەکە و هەر پاسپۆرتێکی پێشوو (هەموو لاپەڕەکانی بە زانیاری کەسی، لەگەڵ مۆر یان ڤیزە).
4 - کۆپی کارتی نیشتمانی/ناسنامە.
5 - بڕوانامەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان و ئەگەر دانیشتوویەکی بیانی بوو هەر بەڵگەنامەیەک ڕێگە بە دووبارە هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بدات ، کۆپییەکی مۆڵەتی نیشتەجێبوون یان ئەو لاپەڕەیەی کە ڤیزەی درێژخایەنی لێدراوە. مۆڵەتی مانەوە یان ڤیزە دەبێت بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی ٣ مانگ لە دوای بەسەرچوونی ڤیزەی داواکراو کارا بێت.
6 - تێچووی کونسوڵگەری (بۆ تێچووی نوێکراوە، سەیری خشتەی پەیوەندیدار بکە لەم لینکە).
7 - لارینەبوون بۆ یەکگرتنەوەی خێزانی، کە لەلایەن ئۆفیسی کۆچبەری (S.U.I.)دەرچووبێت و لە شەش مانگ زیاتر تێپەڕی نەکردبێت. ئەم لارینەبوونە دەبێت پێشتر لەلایەن کونسوڵخانەی گشتی لە.S.U.I ، بە شێوەی ئەلیکترۆنی وەرگیرابێت.
8 - بەڵگەنامەی جیاواز بەپێی ئەو حاڵەتانەی لە خوارەوە باسکراون، بۆ سەلماندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئەندامەی خێزانەکەی کە لە ئیتاڵیا نیشتەجێیە. بەڵگەنامەکانی باری شارستانی دەبێت ڕەسەن/ئەسڵی و وەرگێڕدراو بۆ زمانی ئیتاڵی یان ئینگلیزی پشتڕاستکرابنەوە (تەسدیق کرابن) لە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ڕەسەن/ئەسڵی و وەرگێڕدراوەکە).

-بۆ هاوسەران: گرێبەستی هاوسەرگیری.

-بۆ منداڵی خوارهەژدە ساڵ: بڕوانامەی لەدایک بوون.

-بۆ دایک و باوکی لە ئەستۆ: بڕوانامەی لەدایکبوونی ئەو منداڵەی کە لە ئیتالیایە و داوای یەکگرتنەوە دەکات؛ بڕوانامەی باری خێزانیی (سورەت قەید) "مێژوویی" کە زانیارییە کەسییەکانی هاوسەر و هەموو منداڵەکان دەسەلمێنێت؛ بەڵگەنامەیەک کە شوێنی نیشتەجێبوونی هاوسەر و هەر منداڵێک پشتڕاست دەکاتەوە (وەکو پشتگیری موختار) ؛ بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە حەواڵەکردنی پارە لەلایەن منداڵەکەوە کە لە ئیتاڵیا نیشتەجێیە (نموونە: پسولەی بانکی).

گرنگ

Consolato d’Italia
Erbil

- پێویستە سەرجەم بەڵگەنامەکان وەرگێڕدرابن بۆ زمانی ئیتاڵی یان ئینگلیزی وە لەلایەن دادنووس (کاتب عدل) و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتڕاستکرابنەوە (تەسدیق کرابن) ؛

- بە ئارەزووی ئۆفیسی ڤیزە دەتوانرێت داوای بەڵگەنامەی زیادە بکرێت، ئەگەر پێویست بوو، بۆ ئەوەی باشتر هەڵسەنگاندن بۆ داواکارییەکە بکرێت.

- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی پێویست گەرەنتی پێدانی ڤیزە ناکات.